


# کاتێک کۆمپیوتەرەکان ڕۆمان دەنووسن

لەمێژە زانایانی تەکنەلۆژیای نوێ بیرلەوە دەکەنەوە و هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە کە زەین و هۆشی دەستکرد وەك زەین و هۆشی مرۆڤی ئاسایی لێبکەن، یانی رۆبۆتێك بەرهەم بێنن یان پرۆگرامگەلێکی تایبەتی دروست بکەن کە بتوانێت وەك مرۆڤ بیربکاتەوەو داهێنان بکات و تا رادەیەکیش لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بوونە.. لەم دواییەدا پسپۆرانی تەکنەلۆژیای نوێ لە زانکۆی فیوچێر هەوڵیاندا کۆمپیوتەرێك بتوانێت رۆمان بنووسێ کە هەموو بیرکردنەوە و خەیاڵ و دارشتن و نووسینەکە هی کۆمپیوتەر بێت، سەیر لەوەدایە رۆمانەکە لە فیستیڤاڵی چیرۆك نووسی وڵاتی ژاپۆندا پەسەند کرا و تەنانەت زۆریان نەیاندەزانی کە ئەوە کۆمپیوتەر نووسیویەتی.. رۆمانەکە بەناوی «Konpyuta ga shosetsu wo kaku hi» واتە (ئەمرۆژەی کۆمپیوتەر رۆمانی نووسی) کە باس لە هۆشێکی دەستکرد دەکات کاتێك هەست بەوەی دەکات بەهرەی نووسینی تێدایە واز لە ئەرکی و بەرپرسیارێتی خۆی دێنێ و دەست دەکات بە رۆمان نووسین..



# پرۆگرامێک بۆ دیزاین کردنی چەک



شەڕ و چەك و تەقەمەنی چەمك و واژەی پێکەوە گرێدراون، هەرچەندە ئەو وشانە ناتەبان لەگەڵ کاری رۆشنبیری و راگەیاندن، بەڵام ئەگەر رۆژێك لە رۆژان بە خەیاڵتدا هات چەکێك بۆ خۆت دروست بکەی، یان نیازت هەبێ بزانی کلاشینکۆف چۆن دروستکراوە و لە چەند بەش پێکهاتووە، یان چەکەکانی دیکە چۆن کار دەکەن..

پرۆگرامی pimp my gun یەکێك لەو پرۆگرامانەی تایبەتە بە دیزاین کردنی چەك، پرۆگرامەکە زۆر سادەیە، دەتوانی بەهۆیەوە دیزاینی چەك بکەی و ئەو چەکەی مەبەستتە دروستی بکەی.. ئەگەر حەزت نەکرد پرۆگرامەکە دابەزێنیە سەر کۆمپیوتەرەکەت و بە شێوەی ئۆنلاین تاقی بکەیەوە ئەوە سەر لە سایتی doctornoob.com بدە.. ئێوە دەتوانن نەك تەنیا خۆتان چەك دروست بکەن بەڵکو دەتوانن دیزاینی چەکەکانی دیکەش بگۆڕن، بەڵام ئاگادار بن بۆ بەکارهێنانی پرۆگرامەکە دەبێت پرۆگرامی فلاش پلەیەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت..

# چاودێری حەوزی ماسی لە ڕێگای دوورەوە

بوونی حەوزی ماسی واتە (ئەکواریۆم) دیمەنێکی جوان بە ماڵەوە دەبەخشێت، بەڵام گرفتی زۆریشی هەیە، وەك ئەوەی چاودێری وردی دەوێت و ئەو کاتەی کە لە ماڵەوە نی چۆن ئاگاداری ماسییەکانی ناو حەوزە کە بیت.. تەکنەلۆژیای نوێ ئەو کێشانەی چارەسەر کردووە، ئەویش ئامێرێکی بچووك بە ناوی fishbit کە قەوارەکەی بەقەد مۆبایلێك دەبێت، ئەم ئامێرە لەگەڵ مۆبایل لە پەیوەندی دادەبێت و پرۆگرامێك لەسەر مۆبایلەکە نیشان دەدات کە حەوزی ماسییەکە لە چ بارودۆخێك دایە، وەك پلەی گەرمی و ساردی، سوێری ئاوەکە و ڕێژەی ئۆکسیجینی ناو ئاو.. بەکارهێنەر لەهەر شوێنێکی جیهان بێت دەتوانی ئاگاداری حەوزەکە بێت و ببینێ.. ئەگەر کێشەیەکیش هەبێت بە کورتە پەیامێك بەکارهێنەرەکە ئاگادار دەکاتەوە..






# ڤیدیۆ پرۆژکتەری تایبەت بە گەیمینگ

ئامێرەکانی گەمەی دیجیتالی هەروا پەرە دەسێنن، ئیکس بۆکس و پلەی ستەیشن و پی ئێس پی و ...تاد.. بەڵام بۆ هەموو ئەو ئامێرانە دەبێت لە تەلەڤزیۆن سوود وەربگری.. تەلەڤزیۆن بۆ نیشاندانی یارییەکە..

کۆمپانیای ئەیسەر لەم دوایییەدا یەکەم ڤیدیۆ پرۆژکتەری بەناوی PREDATOR Z٨٥٠ بەرهەم هێناوە، ئەم پرۆژکتەرە بۆ تەبلێت، لاپتۆپ، تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر دەگونجێت.. کوالیتی نیشاندانی پرۆژکتەرەکە لە ١٨ ئینجەوە بۆ ١٢٠ ئینجە..



# هیدفۆنی سۆنی و تایبەتمەندیە جیاوازەکانی

کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی لەم دوایییەدا چەند بەرهەمێکی خۆی بڵاو کردەوە کە هەموویان جێگای سەرنجن، یەکێك لەوانە هیدفۆنی جۆری concept N ە. هیدفۆنەکە زۆر لە هیدفۆنە وایەرلێسەکان دەچێت و بەکارهێنەر لە ملی دەکات و بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن.. هیدفۆنەکە چوار مایکی هەیە و وەڵامی فەرمانەکانی بەکارهێنەر دەداتەوە و لەگەڵ مۆبایلە هۆشمەندەکان لە پەیوەندی دایە. دەکرێت لە هیدفۆنەکە بپرسی کەش و هەوا چۆنە، هەواڵە ناوخۆییەکان بخوێنێتەوە. زانیاری لەبارەی هوتێل و رستورانت و شوێنە گەشتیارییەکان بڵێ. تایبەتمەندی هیدفۆنەکە هەر ئەوە نییە بەڵکو بەهۆی کامێرایەك کە هەیەتی دەتوانی فیلم و وێنە هەڵگرییەوە..



# چەک لە بەرگی مۆبایلدا



ئەو کەسانەی کاری ئەمنییەت و ئاسایش دەکەن، زۆر جاران وا دەخوازێت چەکەکانیان بشارنەوە بۆ ئەوەی کە هەستی پێنەکرێت.. شێوازێکی شاردنەوە کە مێژووەکەی بۆ شەڕی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە چەکەکە لە بەرگێکی دیکە دادەپۆشن یان وەك کەرەسەیەکی دیکەی بەرهەم دێنن.. بۆ نموونە ئەو دەمانچەیەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن. دەمانچەکە لە یەکەم تێڕوانیندا وەك مۆبایلێکی ئایفۆن دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەمانچەیەکی دوو لوولەی کەلیبەر ٣٨٠یە . دەمانچەکە لەلایەن کۆمپانیای ئایدەل کانسیلەوە بەرهەم هاتووە و زیاتر بۆ ئەوانەیە کە کاری ئاسایش دەکەن هەروەها ئەو کەسانەی کە وا پێویست دەکات چەکەکانیان بشارنەوە...




## فۆتۆکۆپییەک

دەزگای لەبەرهەڵگرتنەوە (فۆتۆکۆپی) تەنیا ئەرکیان لەبەر هەڵگرتنەوەیە، واتە دوکیۆمێنتێك یان هەر شتێك کە بخەیە ناوی کۆپییەك هەڵدەگرێتەوە.. بەڵام کۆمپانیای Xerox ئامێرێکی کۆپی بەرهەم هێناوە کە جگە لەبەرهەڵگرتنەوە دەقەکانیش وەردەگێڕێ.. ئامێرەکە دەتوانێت دەقەکان بە ٣٠ زمان وەربگێڕێت.. پاشان کۆپیان

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، تەبلێتێکی جۆری گەلەکسی تابم هەیە، بەڵام چەند ڕۆژێکە هێمای شەحنکردنەوەی باتری ڕەنگی سوور نیشان دەدات ئەمە مانای چییە؟

خوێنەری بەڕێز زۆر هۆکار هەن، دەکرێت دەستکاری ڕامی سەرەکی کرابێ، دەکرێ کێبڵی باترییەکە کێشەی بۆ هاتبێتە پێش، یان دەکرێ شەحنەکە کێشەی هەبێت. زۆر جارانیش پێویست دەکات سیستەمەکە نوێ بکەیەوە ئەوکاتەش هێماکە سوور دەبێت. ئەگەر هیچ کام لەوانە نەبوو، ئەوە دەبێت شوێنی دانانی کێبڵەکە لەق یان تێکچووبێت..

# چێشت لێنان لە جیهانی دیجیتالیدا

کەرەسەکانی ماڵەوە ئیدی هەر ئەو کەرەسە و کەلوپەلەی جاران نین، قاپ و قاچاغ و کەتڵی و چادان و کەوچك و چەتاڵ بەگشتی ئەوەی لە چێشتخانەی ماڵەوەدا هەیە، لەسەردەمی دیجیتالیدا وەك خۆیان نامێنن، مەنجەڵ ئیدی هەر ئەو کەرەسە نامێنێ کە چێشتی تێدا لێبندرێ بەڵکو دەتوانرێت پرۆگرامی پێبدرێ و لە رێگای دوورەوە بێ ئەوەی کە کابان بوونی هەبێت چێشت لێبنێت..

مەنجەڵی زیرەکی Gourmia وەك چێشت لێنەرێکی کارامە یارمەتی دەدات بۆ چێشت لێنان.. ئەم مەنجەڵە هۆشمەندە بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێت و بەهۆی پرۆگرامێکەوە لە رێگای مۆبایلەکەتەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی بکەی، بۆ نموونە یەکێك فەرمانبەرە و بە نیازە پاش دوو کاتژمێر بگەڕێتەوە، دەتوانێت هەر لە ئیدارەی خۆیەوە فەرمان بدات بە مەنجەڵە هۆشمەندەکە.. جگە لەوە سیستەمێکی چۆنییەتی چێشت لێنانی تێدایە لەگەڵ تەرازوویەك کە بە وەرگرتنی فەرمانەکان و دانانی کەرەسەی پێویست خواردنێکی باش لێدەنێت.. ئەو چێشتانەی کابانە دیجیتالییەکە لێیدەنێت، برنج، سوپ و شوربا و جگە لەوەش دەتوانێت سەموونیش چاك بکات.






## دەقەکان وەردەگێڕێ

بکات. پرۆگرامی وەرگێڕانی کۆپییەکە دەقێك لە وەرگێڕانەکە ئامادە دەکات، پاشان چاپی دەکات. جگە لەوە تەنانەت نووسینی سەر وێنەکانیش وەردەگێڕێ.. دیارە وەرگێڕانەکە زیاتر ماشێنییە، بەڵام گەر نیازت هەبێت وەرگێڕانەکە دروست و دەقیق بێت و مرۆڤ وەریبگێڕێ دەبێت بۆ هەر وشەیەك پارەیەك بدەی و رەنگە بۆ وەرگێڕانی کورتە چیرۆکێك ٢٠ دۆلاری تێبچێت..

## سایتێک بۆ هاوبەشکردنی ڤیدیۆیی یارییەکان



کەم کەس هەیە ئەوەی سایتی یۆتیوب نەناسێ، سایتێك کە ئەوەی مەبەستە لە فیلمی ڤیدیۆیی تێدایە، رۆژانە بە هەزاران گرتەی ڤیدیۆیشی پێوە زیاد دەکرێت، بەڵام سایتی یوتیوب گشتگیر بۆ هەموو مەبەستێك دەبێت و هەموو جۆرە گرتەیەکی تێدایە..

سایتی twitch هاوشێوەی سایتی یوتیوبە بەڵام ئەو تایبەتە و سنووردارە و هەموو فیلمەکان یەك مەبەستن، ئەویش فیلمی هەموو یارییەکان.. دەتوانی سەیر لە سایتەکە بدەی و یاری مەبەستی خۆت بدۆزیەوە، لەبارەی یارییەکە، زانیاری ورد بزانی..